Research Center

# شەڕی هاوبەش دژی داعش؛ بڕیارێکی درەنگ بەڵام گرنگ!

09-12-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دژی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان( ناوچە جێناکۆکییەکان) رووداوێکی گرنگە و مستەفا کازمی لە مەخموور گوتوویەتی ئیدی دەرفەتی گەڕانەوەی داعش نەماوە، بەڵام، دۆخی سیاسی و ئەمنی لە عێراق و ناوچەکەش، دیمەنێکی گەشبینانەی وامان ناداتێ کە ئەو وێنای کرد.

RRC|

زریان رۆژهەڵاتی|

دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دژی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان( ناوچە جێناکۆکییەکان) رووداوێکی گرنگە و مستەفا کازمی لە مەخمور گوتوویەتی ئیدی دەرفەتی گەڕانەوەی داعش نەماوە، بەڵام، دۆخی سیاسی و ئەمنی لە عێراق و ناوچەکەش، دیمەنێکی گەشبینانەی وامان ناداتێ کە ئەو وێنای کرد. لە ساڵی 2021دا داعش لە سێ قۆناخی سەرەتاکانی ساڵ، نیوەی ساڵ و ئێستاش کە بەرەو کۆتاییەکانی ساڵ دەچین، جموجۆڵەکانی خۆی زیاترکرد و، ئەوەی سەلماند کە تەنانەت ئەگەر نەتوانێ جوگرافیایەکیش بگرێتەوە، ئەوا دەتوانێ ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی بخوڵقێنێت. هەڵبەت ئەمە تەنیا گرێدراوی عێراق و هەرێمی کوردستانیش نییە و بە بەراورد بە ساڵی 2020، ئەو رێکخراوە جموجۆڵ و هێرشەکانی لە ئەفغانستان و ئەفریقیاش زیاتر کردووە.

**هێرشەکانی نوێیەکانی داعش**

بەشێك لە سیاسی و فەرماندە سەربازییەکانی عێراق هێرشە تازەکانی داعش بە رووداوێکی گەورە سەیر ناکەن. عەبدولوەهاب ساعدی فەرماندەی دژە تیرۆری عێراق رایگەیاندووە کە ئەوەی داعش دەیکات زیاتر بۆ ئەوەیە هەڵایەکی راگەیاندنی دروستبکات، ئەگینا شتیکی ئەوتۆی پێناکرێت. فەرماندەکانی پێشمەرگە و لایەنی کوردستانیش، چەند هۆکارێکی وەك نەبوونی هاوئاهەنگی، کەمی چەك و بۆشایی ئەمنی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراقیان وەك هۆکاری گرنگ داناوە. هەرچەندە هەندێکیشیان دانیان بەوە داناوە کە لەوانەیە کەموکوڕی و خەمساردیش هەبێت.

پێدەچێت هۆکارێکی جیا بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی زیادبوونی هێرشەکانی داعش لەو رۆژانەی رابردوو، زیادبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراق- حەشدی شەعبی بن لە دژی ئەو رێکخراوە، کە بەتایبەتی لە مانگی 11دا لە سێکوچەکەیەکی نێوان باکووری بەغدا- دیالە و سەلاحەدین دا چڕبوونەتەوە. ئەمە رێك ئەوەش دەردەخات کە چۆن بەهۆی نەبوونی هاوئاهەنگییەکی بەهێز لەنێوان هێزە شەڕکەرەکانی دژی داعش، هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی ئەو رێکخراوە  دەتوانێت ببێتە هۆی قیتبوونەوەی لە شوێنێکی دیکە! لە مانگی 11دا سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کە لە هەندێك شوێندا پشتیوانیی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتیشی لەگەڵ بووە، چەندین ئۆپەراسیۆنیان( وەك ئۆپەراسیۆنی برووسکەی ئاسمان) لەنێوان حەوزی حەمرین تاوەکو چیای مەکحول و رێگەی (المسحك) لە باکووری سەلاحەدین لە ناوچەیەکدا ئەنجامداوە کە وا مەزندە دەکرێت 200 کیلۆمەتر  درێژبێت. ئەنجامی سرووشتی ئەوەش، هەڵکشانی زیاتری داعشە بەرەو باکوور و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان. کاتێك داعش دەرفەتی مانەوەی لە حەوزی حەمرین نەمێنێ، خۆی لە قەرەی ناوچەکانی دەورووبەری خانەقین- جەلەولا، کەلار و کفری دەدات و ئەگەر لە باکووری سەلاحەدینیشەوە تەنگی پێهەڵبچنێت، روو لە ناوچەیەکی نێوان رووباری زاب و دیجلە دەکات کە مەخموریش یەك لەوانەیە. ئەمە رێك ئەو دۆخە بوو کە لە ساڵی 2014دا روویدا. ئەوکاتەی کە داعش نەیتوانی بەرەو بەغدا و ناوچەکانی باشووری عێراق بڕوات، بەرەو باکوور و هەرێمی کوردستان هەڵگەڕایەوە. هێشتنەوەی دەرگایەکی کراوە بۆ دووژمن، لەکاتێکدا کە لە سێ لاوە هێرشی دەکەیتە سەر، تاکتیکێکی زانراوی سەربازییە و، لەکاتێکدا کە بۆ ماوەیەکی درێژ هاوئاهەنگی نێوان هێزە شەڕکەرەکانی دژی داعش رابگیرێت و رێگە بە پڕچەککردنی پێشمەرگەش نەدرێت، ئەوسا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا خواستێك بۆ هەناردەکردنی داعش بەرەو کوردستان لە ئارادایە؟

ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی داعش لەو ناوچانە، ئەویش لەکاتیکدا کە هاوئاهەنگییەکی تەواو لەگەل هێزی پێشمەرگە نییە و پێشمەرگەش بە کەرەستە و چەکی پێویست پڕچەك  نەکراوە، دەتوانێ هەڵەیەکی تاکتیکی یان تاکتیکێکی بە ئەنقەست بێت کە ئەنجامەکەی زیادبوونی پەلامارەکانی داعش بۆ سەر پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل بوو.

**پاڵنەری دیکە**

ئێستا وەك هۆکاریکی رۆژانەیی، ئەنجامی هەڵبژاردن و مشتومڕی ناوخۆیی شیعی لەسەر داهاتووی حکومەت دۆخیکی دروستکردووە کە تەنانەت گیانی سەرۆکوەزیرانیش پارێزراو نییە و ئەمەش بەستێنێکی باش بۆ خورتبوونەوەی داعش دروستدەکات.

لە مانگی 2ی ئەمساڵدا لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو مێزگردێکمان سەبارەت ئەگەری گەڕانەوەی داعش کرد کە تێیدا وەین مارەتۆ، گوتەبێژی هاوپەیمانان و یەحیا رەسووڵ گوتەبێژی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی عێراق و ژمارەیەك لە فەرماندەکانی پێشمەرگەش بەشداربوون. زۆربەی پرسیارکانم بەدەوری توانای مرۆیی بەردەستی داعش لە حەوزی سوننی و"نەوەی دووەمی داعش" ، جوگرافیای

جموجۆڵەکان، ڕێکخستن وسەرچاوەی دارایی و هاوئاهەنگی نێوان بەشداربووەکانی شەڕی دژی داعش بوو. گشتیان هاوڕابوو لەوەی کە ئەستەمە داعش بتوانێت وەک جاران خاکێکی فراوان داگیربکات و ئیدارەی بدات، بەڵام پێیانوابوو کە دەتوانن لە چەند ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا مەترسی دروستبکات. باسی زۆر مژار کرا کە یەکێك لەوان زیادکردنی هاوئاهەنگی نێوان هێزەکان بۆ ڕووبەڕبوونەوەی داعش کردەوە.

ڕاستییەکەی کێشەیەکی گەورەی متمانە لەنیوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی دیکەی عێراقدا هەیە. هەروەها تەنگژەی میلیشیاکان وهاوپەیمانی نیودەوڵەتی بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکاش لە ئارادایە. سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی دیکەی عێراق سێ بابەتی ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگری، بۆشایی ئەمنی و چەك ڕاستەوانە پەیوەندییان بەبێ متمانەیی لایەنەکان بە یەکتری هەیە. بۆشایی ئەمنی کە هەندێك لە فەرماندەکان بە 400 و هەندێك دیکەش بە درێژی 590 کم مەزەندەی دەکەن لەنێوان هێزەکاندا لە ئارادایە و بڕیارە بە دوو لیوای هاوبەش پڕبکرێنەوە.

لایەنی کوردستانی نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە ڕێگرتن لە پڕچەك بوونی هێزەکانی پێشمەرگە، هەمیشە دەهێنێتە سەر زمان. یاسای دەستەی پیشەسازی جەنگی- ژمارە 25ی ساڵی 2019-ش کە لە پەرلەمانی عێراق دەرچووە و نوێنەرێکی پێشمەرگەش لە دەستەکەدا دیاریکراوە، نەیتوانیوە ئەو پرسە یەکلا بکاتەوە.  بێگومان کەم چەك هێشتنەوەی پێشمەرگە تەنیا لەبەر هۆکاریکی تەنکیکی نییە، بەڵکو سیاسەتێکی لەپشتە.

بڕیارە 19ی ئەم مانگە دوا کۆبوونەوە لەنێوان بەرپرسانی سیاسی ـ سەربازی و ئەمنی عێراق و ئەمریکا بکریت بۆ ئەوەی بابەتی کشانەوە و گۆڕینی ئەرکی هێزەکانی ئەمریکا تاوتوێ بکەن. ئەگەر لە دوای کۆتایی ساڵ، گرووپە چەکدارەکان درێژەیان بە هێرش و تەنگژەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دا، بێگومان دەرفەتێکی باشتر بۆ جموجۆڵی داعش دروست دەبێت.

هەڵبەت نابی تەنیا لە دەلاقەی عێراق و کوردستانەوە تەماشای پرسی داعش بکرێت و ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی 2021دا لە ئەفغانستان و ئەفریقیاش جموجۆڵەکانی خۆی زیاتر کردووە. تەنیا لە هەفتەی کۆتایی مانگی 11دا، نزیکەی 6 جار پەلاماری داوە کە دووانیان لە کابول بوون. ئەمە بێجگە لەو تەقینەوانەی کە پێشتر لە ناوچە شیعەنشینەکانی ئەفغانستاندا کردبوونی. لە ئاستی ناوچەکەدا دوو هۆکاری گرنگ شك دەبم کە زەوینەی جموجۆڵەکانی داعشیان زیاتر کردووە. یەکیان گەڕانەوەی تاڵیبان بوو لە ئەفغانستان کە ئەمە بەدەر لە جۆری پەیوەندیی و ناکۆکییەکانی داعش و تالیبان، هیوایەکی بۆ گرووپە توندڕەوەکانی وەك قاعیدە و داعش دروستکردووە کە ڕۆژێك پێگەیان بەهێزبێتەوە.

دووەمیان پەیوەندی بە هاوسەنگییەکانی هێز، ئاراستەی نوێی هاوپەیمانی و ڕکابەرییەکان لە ناوچەکەدا هەیە. لەدوای ڕاڕایی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە، زۆر لە ئەکتەرەکانی ئەم ناوچەیە پێداچوونەوەیان بە پەیوەندی، هاوپەیمانی و ڕکابەرییەکانی خۆیان کردووە. لە تەنیشت ئەوەشدا کیبڕکێیەکی بەهێزی چەك لە ناوچەکە پەیدا بووە. لەلایەك دانوستاندن و لەلایەك ڕکابەریی چەك لە ئارادایە. لەم قۆناخەشدا کە ئامانجی لایەنەکان هاوسەنگکردنی هێزی یەکترە، تاوەکو ئەو کاتەی کە هاوسەنگیی دروستدەبێت، دەرفەتی جموجۆڵی هێزە پرۆکسییەکان و هێزێکی وەك داعشیش زیاتر دەبێت.

**کۆتایی**

بڕیارەکەی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ دەستپیکردنی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی نێوان سوپا و هێزەکانی پێشمەرگە بڕیارێکی درەنگ، بەڵام گرنگ بوو. هەڵبەت واتای ئەوە نادات کە ئەمە دەتوانێت کۆتایی بە داعش بێنێ. دۆخی سیاسی عێراق، بارودۆخی ناوچەکە و پەیوەندیی نێوان هێزە شەڕکەرەکانی دژی داعش، وادەکەن هێشتا ئەو ڕێکخراوە مەترسییەکی ئەمنیی جیدی بێت.

یەکلاکردنەوەی پرسی ناردنی چەک بۆ هێزی پیشمەرگەی کوردستان وەك هێزە شەڕکەرەکانی دیکەی عێراق، گرنگیی زۆری بۆ شەڕی دژی داعش هەیە. مستەفا کازمی بەو دووایانە بڕیاریدا کە ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بکرێت و ئەمەش بایەخیکی زۆری هەیە. هەرچەند ئەمە ناچاری بوو، هەروەهاش بەکاری هێنا، تاوەکو نمایشێکی سیاسیشی پێبکات. لەکاتیکدا کە لایەنەکان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن و سەرۆکوەزیرانی داهاتوو مشتومڕیانە، کازمی بەو بڕیارە و بە هاتنەکەی بۆ مەخموور، جووڵەیەکی زیرەکانەی کرد. کوردی ڕازی کرد، ئەو پەیامەیشی بە خەڵك و لایەنەکان دا کە ئەو پیاوی چارەسەکردنی پرسە هەستناك و ئاڵۆزەکانی وەك شەری داعش و، ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدایە. هەڵبەت دەبێ ئەگەر بمانەوێ هەقی نەخۆین، دەبێ بڵێین کە مستەفا کازمی لە چاو دوو سەرۆکوەزیرەکەی پێش خۆی، زیاتر هەوڵی چارەسەکردنی ئەم پرسانەی داوە و، بۆ هەرێمی کوردستانیش گرنگە لەم کاتەدا پشتیوانی بکات.

*بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو